

Abo Rad
Modersmålslärare
i persiska och kurdiska
aboubakir.rad@salem.se

Barn- och utbildningsförvaltningen
Salems kommun

Salems kommun

**Anna  Levén**
**Biträdande rektor**
**Centrum för flerspråkighet**
**070-723 17 72**

# فرەزمانی و زمانی دایکی

ئایا تۆ لەماڵەوە جیا لە زمانی سوێدی بە زمانێکی دیکە قسەدەکەی؟ بە گوێرەی بەرنامەی خوێندنی باخچەی ساوایان هەمووئەو منداڵانەی کە زمانی دایکیان سوێدی نییە, پێویستیەکانی گەشەکردنی زمانی دایکیان بۆدابین دەکرێ. ئامانجیش ئەویە کە ئیمکاناتی پێویست بۆ فرەزمانی پێک بێ و خوێندکارزیاتر فێری کلتوری خۆی بێ و لە چوارچێوەی فرەزمانیدا گەشەبکاو ببێتە خاوەنی دوو کلتورو بە هێزتریان بکات. زمانی دایکی وانەیەکی جیاوازە و پرۆگرامی جیاوازیشی هەیە.

## بۆ ئەوەی تۆش بتوانی بەزمانی دایکی بخوێنی دەبێ:

* دایک و باوکی خوێندکار هەردووکیان یا یەکێکیان پێویستە خاوەنی زمانێکی جیاواز لە زمانی سوێدی وەک زمانی دایکی بن.

* وەک زمانی دانووساندنی ڕۆژانە، بۆ خوێنداکار چاولێبکرێ.

* خوێندکار بناخەیەکی زمانی دایکی هەیە و سەرەتا نییە بۆ دەستپێکردن و فێربوونی زمانی دایکی.

*

ئەگەر گرووپێکی پێنج کەسی هەبن کە بیانهەوێ زمانی دایکی بخوێنن، کۆمۆن بەرپرسیارە بۆ جێبەجێکردنی داخوازیەکانیان، بە شێوەیەکی گونجاو بە دیاریکردنی مامۆستای شارەزاو بە ئیمکاناتی پێویستیشە.

ئەگەر تۆ خاوەنی یەکێک لە زمانە کەمایەتیەکانی فرەنەتەوەیی وەک ،سامی، فنلاندی، تورەندالس فینسکا، رۆمی و یهودی، مافی خوێندنت بە زمانی خۆت هەیە ئەگەرچی هەموو ڕۆژێکیش لەماڵەوە قسەی پێنەکەی. هەروەها ئەو خوێندکارانەش دەگرێتەوە کە کەسانی دیکە ئەرکی بەخێوکردنیان گرتۆتە ئەستۆ و خاوەنی زمانێکی دیکەی جیا لە سوێدین.

## شێوەی فێرکردن

ئەو ماماۆستایانەی کە زمانی‌دایکی دەڵێنەوە زۆرکات لەو وڵاتانە ڕا هاتوون کە خوێندکارەکە لێڕا هاتوەو خاوەنی هەمان کلتوورشەو شارەزایەکی باشیشی لەسەر زمانی سوێدی هەیە.
ئەو گرووپە خوێندکارەی کە پێکەوە کار دەکەن دەبێ خاوەنی زمانی هاوبەش بن. خوێندنەکەشیان دوای تەواوکردنی خوێندنی ئاسایی لە خوێندگا دەبێ. بێگوومان کەرەسە و جێگاوڕێگاو ئیمکاناتی پێویستیشیان بۆ دیاری دەکرێ.

## ئەو زمانانەی خوارەوە لە کۆمۆنی سالم دەخوێندرێن:

ئاڵبانی، عەرەبی، ئاشوری، سیریانی، بنگالی، بۆسنی،سەربی، کرۆواسی،ئینگلیزی، فنلەندی، فرانسەیی، گریکی، کوردی، ماندەرینی، هوله ندی، فلاملەندسکا،فارسی، لێهستانی، رووسی، سۆمالی، ئیسپانی، تایلەندی ، تیگرینیا، ئەڵمانی و مەجاری.

## داخوازنامە

دایک و باوکان داخوازنامەیەک کە لەلایەن بەرپرسی باخچەی ساوایان یان بەرپرسی قوتابخانەکان بڵاودەکریتەوە، پڕدەکەنەوەو داوای خوێندنی زمانی دایک بۆ منداڵەکانیان دەکەن. داخوازنامەکە دەدەنەوە بە بەرپرسی باخچەی ساوایان یا لێپرسراوی قوتابخانەکان. پێویستە بگوترێ پشتگیریکردن و خوێندنی زمانی دایک ئازاد و بەخۆڕاییە.

## تازەهاتوەکان

### کۆمۆنی سالم لە قوتانخانەی Skogsängsskolan دوو بەشی تایبەتی

پێکهێناوە بۆ ئەو کەسانەی تازەدەگەنە سوئێد و زمانێکی دیکەیان جیا لە زمانی سوئێدی هەیە.
ناوی ئەو بەشە خوێندگەی نێونەتەوەییە، کە ئەویش لە دوو بەشی جیاواز پێکهاتوە: یەکەمیان بۆ ئەو خوێندکارانەی کە تەمەنیان کەمەو لەو بەشانەدا. دووهەمیشیان بۆ ئەوانەی کە تەمەنیان زۆرترە یا گەورەترن زۆربەی وانەکان دەگوترێنەوە، بەڵام زۆرتر سرنجەدرێتە زمانی سوێدی.

خوێندکار بۆ چ ماوەیەک لەوبەشەدا دەمێنێتەوە پێوەندی بەکەسەکانەوە هەیە، تا چ ڕادەیەک زانیاریان هەیە و ئامادەن بۆ فێربوون.
مانەوەیان لەو بەشەدا بە شێویەکی ئاسایی نیوساڵ تا ساڵوونیوێک دەخایەنێ. دوای تێپەڕبوونی ئەو قۆناخە دەدرێنە شوێنەکانی دیکە بۆ بەردەوامبوونیان لە خوێندن.

## ڕێنمایی خوێندن

ئەگەر تۆ تازەهاتوویە سوئێدو بۆ بە شدایکردن و تێگەیشتن لە وانەکان، بە گوێرەی پێویست زانیاریت لە سەر زمانی سوئێدی نییە ،دەتوانی لە سەرەتادا بە زمانی دایکی وانەکان بخوێنی یا بۆتان ڕوونبکرێتەوە. ئەم بەشەش پێدەگووترێ ڕێنمایی خوێندن.
دیارە ئەوە قووتابخانەیە بڕیاردەدا کێ پێویستی بە ڕینمایی خوێندن هەیە.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بگرن بە آننا لوێن جێگری بەرپرسی قوتابخانە.

**Anna Leven**
**E:post:**anna.leven@salem.se
**070-7231772**